بەناوی خوای گەورە

ومیهرەبان

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

# قورئانی پیرۆز بریتییە لە چیی؟

قورئانی پیرۆز وتەی -قسەی- خوای گەورەیە پەروەردگار وخولقێنەری جیهانیانە ، دایبەزاند بۆ کۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- بۆئەوەی مەبەست لەدروستکردنی مرۆڤەکان بۆ هەموان ڕوون بکاتەوە، و ڕێنمونیکاریان بێت بۆ ئەوەی دەبێتە هۆی بەختەوەریان لە دونیا ودوارۆژ، ورزگاریان بکات لە سەختی ونارەحەتی دوای مردنیان، وکۆتا کتێبی دابەزێنراوە لەلایەن خوداوە، بەڕاستدانەری کتێبەکانی پێشووە، وهەڵوەشێنەرەوەی شەریعەتەکانی پێشووە.

وقورئانی پیرۆز ئایەت وموعجیزەیەکی هەتا هەتاییە، وبەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەمەد -صلی الله علیه وسلم-، خوای گەورە تەحەدای مرۆڤ وجنۆکەی کردووە کە هاوشێوەی قورئان بهێنن ئەگەر سورەتێکیش بێت، بەڵام نەیانتوانی هاوشێوەی بهێنن.

دەستی گۆڕانگاری تێدا کردن وگۆڕینی پێ نەگەیشتووە لەو کاتەوەی کە دابەزێندراوە پێش 1400 ساڵ، وبە پارێزراوی دەمێنێتەوە بە زوبانی عەرەبی کە هەر بەم زوبانە دابەزێنراوە، خوای گەورە خۆی دەیپارێزێت هەتاوەکو کۆتایی دونیا.

وقورئانی پیرۆز سەرچاوەی سەرەکی ئاینی ئیسلامە، وئەو دەستورەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکدەخات لە هەموو کات وشوێنێکدا، وبانگیان دەکات بۆ بەتەنها پەرستنی پەروەردگاری خوڵقێنەر، وڕوونی دەکاتەوە ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی بۆ ناسینی پەروەردگاری وئاینەکەی، وهەروەها باسی سەرەتای درووست کردنی گەردوون وقۆناغەکانی دروستکردنی مرۆڤ، وباسی ڕابردوو وداهاتوو ، وچیرۆکی پێغەمبەرانی تێدایە -علیهم السلام-، وە

چۆن خوای گەورە سەری خستن بەسەر دوژمنەکانیان، وهەروەها بنچینەی پەرستنەکان ومامەلەکان وبانگەوازی بۆ ڕەوشتە جوانەکانی لەخۆ گرتووە، وهۆشداری لە ڕەوشتە چەوت وناشیرینیەکان، وباسی چارەنووسی مرۆڤ دەکات لەقیامەتدا؛ یان ئەوەتا بەرەو بەهەشت ماڵی ئیمانداران دەڕۆن یان بەرەو دۆزەخ ماڵی ستەمکار وکافرەکان.

وبەهۆی گرنگی ئەم کتێبە مەزنە کە خوای گەورە بەزوبانی عەرەبی دایبەزاندووە، وفەرمانی گەیاندنی بەهەموو مرۆڤایەتی کردووە؛ -ئەی خوێنەری بەڕێز- پێمان باش بوو وەرگێڕاوێکی ماناکانی بەزوبانی خۆت پێشکەشت بکەین ، بۆئەوەی تێگەیشتنی ئاسان بێت وگەیاندنی بێتەدی، وئەندامانی کارکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەوپەڕی هەوڵی وکۆششیان داوە بۆ تێگەیشتنی ماناکانی و وەرگێڕانی، پێویستە بزانین بەدڵنیاییەوە ئەگەر وەرگێڕانەکە هەرچەندە وورد ونایاب بێت ئەوا هێشتا کەمو کورِ لە گەیاندنی مانا مەزنەکانی قورئانی پیرۆز  کە زۆر بەرزترە لە هەموو کارێکی مرۆڤایەتی، وئەوەی دەیەوێت زیاتر بزانێت سەبارەت بە و ڕاستییانەی قورئانی پیرۆز پێی هاتووە؛ ئەوا ئامۆژگاری دەکەین بە فێربوونی زوبانی عەرەبی چونکە ئەو زوبانەیە کە قورئانی پێ دابەزێنراوە.

وسەڵات وسەلام لەسەر پێغەمبەران، وحەمد وستایش بۆ الله پەروەردگاری جیهانیان.

فرەفەرهەنگی قورئانی پیرۆز

دەتوانیت سەیری ماناکانی قورئانی پیرۆز بکەیت بە زمانی خۆت لەڕێگای مەسحکردن بەسەر هێمای (QR Code) لەکامێرای مۆبایلەکەتەوە.

- ئاسوودە دەبین بە وەرگرتنی پێشنیار وتێبینیەکانتان بۆ پەرەپێدانی ئەم وەرگێڕانە لەڕێگەی هێمای تێبینیەکان لەپێش هەموو ئایەتێک لە ماڵپەڕی فرەفەرهەنگی قورئانی پیرۆز -موسوعة القرآن الكريم- ( www.quranenc.com ) ، وئەگەر دەتەوێت پەیوەندیمان پێوە بکەیت ئەوا دەتوانیت لەڕێگەی ئەم ئیمێڵەوە نامەمان بۆ بنێریت: info@quranenc.com .